# بیرۆكەی دەقئاوێزان و هەندێ زاراوەی ڕەخنەیی لە شیعرێكی مەولەویی تاوگۆزیدا

## ( ١٨٠٦-١٨٨٢ )

پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد

**پێشەكی**

بیری "intertextuality"– نێوان تێكستەكان یان دەقئاوێزان بەم شێوەیەی ئێستا كە میتۆدێكی تۆژینەوەی ئەدەبییە، دەدرێتە پاڵ زانای فەرەنسیی بە بنەچە بوڵگار، یۆلیا كریستۆڤا، و ساڵی ١٩٦٦. هەروەها بیرو بۆچوونەكانی فەیلەسووف و ئەدەبناسی ڕووس م.باختین دەوریان لە خەملاندن و چەسپاندنی ئەم میتۆدەدا هەبووە.

لە ڕووی مێژووییەوە ئینتەرتێكستوالیێتی هەروا لەخۆیەوە درووست نەبووە، بەڵكو لەگەڵ پەیدابوونی ئەدەب و گەشەسەندنیدا ئەمیش بەشێوەیەك هەر هەبووە، لە پرۆسەی داهێناندا هەڵوەستەی لەسەر كراوەو ئاماژەیەكی پێ دراوە، چونكە گەلێ لە ئەدەبناسان ئەدەب بە گفتوگۆیەكی بەردەوامی شاعیرو نووسەران، هەر لە دێرزەمانەوە تائێستای، دەزانن. هەر شاعیرەو لەگەڵ پێشینەكانی خۆی دیالۆگی كردووە، ویستویەتی لە داڕشتنی مۆزاییكی دەقدا دەنگ و ڕەنگی خۆی هەبێ و پەرە بەو كێبڕكێ ئەدەبییەی بە درێژایی مێژوو هەبووە، بدات.

هەندێ لە شاعیران دەركیان بەم ساتە گرنگەی داهێنان كردووە، بە ڕاگوزاری لێی دواون، هەر بۆ نموونە شاعیرو ڕەخنەگری ناسراوی ئینگلیز ت.س.ئیلیۆت دەڵێ: "ماناو ناوەرۆكی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان كاری هونەریی هیچ دانەرێ، بە تەواوی هی خۆی نییە". {٦، ل١٥}*.

زۆربەی جاریش كە باس لەم چەمكە بكرێت، ئەم ڕایەی سەرەوەی ئەو دەهێننەوە. هەر دەربارەی دەقئاوێزانیش ئەدەبناسی سویدی ئا.ئولسۆن دەڵێ: "لەڕاستیدا زاراوەی ئینتەرتێكستوالیێتی ڕوانگەیەكی لەوەش بەرفراوانترە كە تەنانەت میتۆدە چەمكێك بێ لە ئەدەبناسیی سەردەمدا، ئەمە ئاماژەی دیاردەی ناوەوەی ئەدەب و گەشەسەندنییەتی. هەموو شتێكیش لە قەرزكردن، یاری پێ كردن، ڕایەڵی پێناسەو ستایل تا دەگاتە دۆستایەتی و دوژمنایەتی {ئەدەبی}، بونیادی باو یا لادانی گەورە– دەگرێتەوە". {٩، ل٥١}.

میتۆدی دەقئاوێزان لە بنەڕەتدا زادەی زانستی ئەدەبناسیی بەراورد یان بەردەوامی و گەشەپێدەری ئەوە، چونكە پەیڕەو و یاساكانی پێویستیان بە گۆڕین و خەملاندن هەبووە. هەروەها تۆژینەوەی ئەدەبناسیی بەراوردی تەقلیدی هەندێ جار جیاوازیی نێوان ئەو بەراوردەی كردووە كە

* سیستێمی كۆد بۆ پەراوێزەكان بەكارهاتووە، ژمارەی یەكەمی ناوكەوانەكە ئاماژەی سەرچاوەكە لە لیستی سەرچاوەكاندا، دەكات. دیارە ژمارەی بەردەم (ل)ەكەش، هی لاپەڕەكەیە.

به دوای چەسپاندنی هۆی پەیوەندیی بەهێزی دوو ڕایەڵدا دەگەڕێو هی ئەوەش کە هەر بەوەوە دادەسەکنێ کە بە یارمەتیی لێکچوونو لێکنەچوون پەیوەندییەکە ڕۆشنبکاتەوە. بە یەکەمیان وتراوە پەیوەندیی بەراوردی "گینێتیکی- بنەچەو خزمایەتی"، ئەوەی دووەمیان "ئیلوستراتیڤی- ڕوونکەرەوەو نیشاندەر"... یەکەمیان زانیاری نوێ دەبەخشێ، ئەمەی دواییان دەرفەتێك بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆری تازە، دەڕەخسێنێ. هەردووکیان میتۆدی گرنگن بۆ تۆژینەوەی دەقئاوێزان". {٩، ل٥٨}.

سەرەڕای ئەمەش، زانایانی ئەدەبناسی وێنەی ڕینییە وۆڵك کە بە یەکێك لە ڕابەرانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی دادەنرێو سەرنجی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر هەندێ چەمکی بەراوردکاریی تەقلیدی هەیەو بۆچوونەکانیشی بوونەتە بنەمای میتۆدی "دەقئاوێزان"، بەڵام هەر پێیشی وایە هیچ تۆژینەوەیەکی دەقئاوێزان بێ کاری بەراوردکاری نابێ.. ئەم بایەخێکی ئەوتۆ بە "سەرچاوە، بنەوان"و "کاریگەری" نادات و بەلایەوە وایە کە ڕوونکردنەوەی هۆی هاوئاهەنگیی ئەدەبی تەنیا بەرەو ئاوەژووبوونەوەیەکی نەبڕاوەمان دەبات و هەرگیز ناتوانێ پرۆسەی ناوخۆیی هێنانەکایەی نوێخوازییەکە نیشانبدات". {٩، ل٥٤}. دەقئاوێزان هەر ئەوە نییە بەراوردی دوو دەق بکەی، بەڵکو خستنە کاریەتی بۆ خوێندەوەو تێگەیشتنی بەرهەمی ئەدەبی وەك "کوللێك- هەمەیەك".

زانایانی ئەدەبناسی ئەمڕۆ پەرەیان بەو بۆچوونەی ت.س.ئیلیۆت، کە پێشتر هێنامانەوە، داوە. هەر بۆ نموونە هارۆڵد بلووم لە بەرهەمەکەی "poetry and /Repression/"دا وەك ئا.ئۆلسۆن ئاماژەی پێ داوە، دەڵێ: "هەموو شیعرێك نێوان شیعرانە (inter-poem) و هەموو خوێندنەوەی شیعرێکیش نێوان خوێندنەوەیە (inter-reading). هیچ شیعرێك {بۆ یەکەم جار} نەنووسراوە، بەڵکو سەرلەنوێ نووسراوەتەوە /rewriting/. {٩، ل٥٩}.

هەر لەم بارەیەوە زانای فەرەنسی ڕۆلان بارت دەڵێ: "... نووسەر دەتوانێ لاسایی ئەو ئاماژانە بکاتەوە کە هی پێشینەنو هەرگیز ڕەسەن نین. تەنیا هێزی ئەو ئامێتەکردنی نووسینەکانە، بەرهەمی خۆی بەرامبەری هی خەڵکانی تر دابنێ، بە شێوازێکی وا کە لەسەر هیچ یەکێکیان نەوەستێ. ئەگەر بیەوێ هەستی خۆی دەربڕێ، پێویستە بەلای کەمەوە ئەوە بزانێ ئەو "شتە"ی ناوەوەی کە بیری لێ دەکاتەوە، وەربگێڕێ، چونکە ئەوە تەنیا شێوە- خوێندنەوەی فەرهەنگێکەو وشەکانی ئەم تەنیا لەڕێگەی وشەی خەڵکی ترەوە شیاوی ڕوونکردنەوەن، هەر ئاوا بێ بڕانەوەو کۆتایی- بەردەوامدەبێ". {٥، ل٧-١٤٦}.

ڕۆلان بارت پەرە بەم بیرۆکەیەی خۆی دەداو پێشنیازێکی هەیەو دەڵێ، واتای وشەی دانەر هەرگیز لە هۆشی دەگمەنو تاقانەی نووسەرەوە لەدایك نابێ، بەڵکو لە جێگای {وشەکاندا} لە سیستێمی زمانەوانی- کولتووریدا دێتە کایە. ڕۆڵی نووسەر تەواوکەرو ڕێکخەری (pre-existent) پێشتر هەبووی ئەو تواناو دەرفەتانەی چوارچێوەی سیستێمی زمانەوانییە. {٥، ل١٤}.

ئەمە هەر گەشەپێدانی بۆچوونەکەی ف.دی.سۆسێرە کە دەڵێ: "هەر کامیان signifier یان signified (دال) و (مدلول) وەرگرین، زمان پێش هەبوونی سیستێمەکەی نە بیرو نە دەنگی

هەیە، تەنیا جیاوازیی چەمك و دەنگی هەیە كە لە سیستێمەكەوە سەرچاوە دەگرێ". {٧، ل١٢٠}.

هەر لەبەر كاریگەریی ئەم ڕەنگڕێژیی و سیستیماتیكییەدایە كە هاوارەكەی بارت: "نووسەر مرد" بەرز دەبێتەوە. پوختەی بیری بارت لەوەدا چڕدەبێتەوە، كە لە زەین و هۆشی نووسەردا بێگومان لە ئەنجامی ئەزموون و خوێندنەوەدا كۆمەڵە تێكستێك كۆدەبنەوەو دەچنە چوارچێوەیەكی دیاریكراوەوەو نووسەر ئەوانە ڕێكدەخاتەوەو دەیانگەیەنێ بە خوێنەر- وەرگر... جا دیارە ئەگەر ئەم پرۆسەیەش ئاوا بڕواو سیستێمی زمان لە ئارادا بێ، ئەوە ئیتر دەوری نووسەر نامێنێ.. لەڕاستیدا "ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبات" و بۆچوونەكانی بارت نەك لەلایەن خەڵكی ترەوە، تەنانەت دواتر خۆشی بەشێوەیەكی بەرچاو گۆڕیونی و باس لە كۆنتێكست- ئەو دەوروبەرەش دەكا، كە بەرهەمە ئەدەبییەكەی تێدا هاتۆتە ئارا.. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لەم گۆشەنیگایەی بارتدا گرنگە، چەمكی دەقئاوێزان و گوێزانەوەو هەڵشێلانەوەو داڕشتنەوەی تێكستە، كە پوخت نییەو بێ بەرهەمی پێشینەی شاعیر- نووسەرانی تر نایەتەكایە..

دیارە ئەم میتۆدە خۆی ئەوەندە لەگەڵ ڕوانگە هەوەڵینەكانی بونیادگەرانەی وەك "دەقی ئۆتۆنۆم" و "یاساو ڕێسای هونەریی ناوەوەی دەق" بە دابڕاوی، یەكناكەوێتەوە. بەڵام وەك ئاماژەی پێكرا، بارت لە گەڵاڵەكردنی گۆشەنیگای دوا بونیادگەریدا، ستراتیژە كۆنەكەی خۆی گۆڕی و لە هەندێ بۆچوونی بونیادگەرانەی خۆی پاشگەزبووەوە.. ئەم گۆشەنیگایەی لەگەڵ ئەوەی زاناو بیرمەندو فەیلەسووفی ڕووس م.م.باختینیدا یەكدەگرنەوە كە دەڵێ: "ناوەڕۆكی ژیانی وشە لە دەماودەم گواستنەوەیدا دەبێت لە دەوروبەرێكەوە بۆ یەكێكی دی، لە كۆمەڵێكەوە بۆ ئەوی تر، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دواتر، لەم پرۆسەیەدا وشە هەرگیز ڕێچكەی خۆی لەبیرناچێ و هەروەها بەتەواوی ناتوانێ خۆی لە هێزی ئەو دەوروبەرە دیاریكراوانە ڕزگار بكا كە چۆتە ناویان". {٣، ل٢٠١}.

بۆ تۆژینەوەی دەق بە میتۆدی دەقئاوێزان چەند پێوەر- تەوەرەیەك لەلایەن ئەدەبناسە ئەورووپاییەكانەوە دەستنیشانكراون، هەرچەندە لە ئەدەبناسیی عەرەبیدا لق و پۆپی زۆر لە چۆنیەتیی كاریگەری یان دەقئاوێزان كراوەتەوە، بەڵام ئێمە پەیڕەوی ڕێبازی ئەورووپاییەكان دەكەین وەك پێشتریش كردوومانە، ئەوان ئەمانەو هەندێكی تریان بۆ شیكاریی تۆژینەوەی دەقئاوێزان دەستنیشانكردووە:

١- پەیوەندیی بەهێز/ لاواز.
٢- پەیوەندیی شیكردنەوەی دەق/ پەیوەندیی تێكەڵ و جیا.
٣- دیاریكردن/ یان نەكردنی سەرچاوەی كاریگەرییەكە.
٤- دۆستایەتی/ دژایەتی.
٥- لە چوارچێوەی یەك زمان/ یان زمانانی جیادا.
٦- پەیوەندیی نێوان ئەدەبی پیاو/ ژن.
٧- پەیوەندیی گشتی/ تایبەتی.

٨- به خواست/ یان پێداویستی.*

**بیرۆکەی بەراوردو دەقئاوێزان لای شاعیرانی دیالێکتی هەورامی**

ئێمە باسی ئەوەمان کرد، بیرۆکەی دەقئاوێزان پێش ئەوەش ببێ بەم میتۆدە باوو زاڵەو لقێکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیو خاوەن یاساو ڕێسایەکی تایبەتو لەسەر ئەو بنەمایەش کە مێژووی ئەدەب دیالۆگێکی نەبڕاوەی نێوان شاعیرو نووسەرانی سەردەمی جیاجیایە- لای شاعیران هەبووە.

ئەدەبیش وەك بەشێکی گرنگی هونەر بەشێوەیەکی گشتیو ڕووالەتێکی دەربڕی زەینو هۆشی مرۆڤ- نووسەر، ئاساییە کە سنووری کات- شوێن ببەزێنێو هەمان بیرو مۆتیڤو تێما لە دوو شوێنو سەردەمی جیاوازو دوور لە یەکدا لای دوو نووسەر هەبن، کە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆیان بەیەکەوە نەبێ، ئەوەی کە لە پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورددا بە زاراوەی "لێکچوونی تیپۆلۆگی" ناودەبرێت**، بۆیە دەشێ ئەو بۆچوونەی ت.س.ئیلیۆت هەیبووە لەم ڕووەوە، لای شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) و مەولەویی تاوگۆزیش بەتایبەتی دەربارەی جۆرە تێڕوانینو مامەڵەیەکی پەیوەندیی نێوان تێکستان لە پرۆسەی ئەدەبیدا هەبووبێت. ئێمەش لەسەر بنەمای بەڵگەی هەڵگۆزراوی ئەدەبی کوردی و نموونەی شیعریی ئەدەبەکە، هەوڵی ئەو تۆژینەوەیە دەدەین.

یەکێك لە ڕووالەتەکانی دەقئاوێزان- وەك وترا- ئەو دیالۆگە بەردەوامەیە کە لەنێوان شاعیرانی هەمان زمان یان زمانی ئەدەبیی گەلانی ناوچەکەو جیهاندا هەیە. ئەم دیاردەیەش لە ئەدەبی دیالێکتی هەورامیدا بەرچاوە. بەردەوامیی داهێنان لە دیالۆگی ئەدەبیی نێوان: بێسارانی، خانای قوبادی، مەحرووم، کۆماسی، مەولەویو لە ڕۆژگاری مەولەویشدا بەگوێرەی پێشەکیو پەراوێزی دیوانەکەی مەولەوی {١٣}. دەیان نموونەو حاڵەتو بەڵگەی ئەم ڕایەڵە نەپساوەی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکانیان هەن. تەنانەت دەشێ بوترێ کە شاعیرانی سەدەی نۆزدەیەم لە دەوری کەسایەتیو زانایی و شاعیرییەتی مەولەوی تاوگۆزی کۆبوونەتەوە، هەروەك ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، لەسەر بنەمای یەکێك لەو حاڵەتانە دەکرێ. دواترو لەسەدەی بیستەمدا ئەم دیالۆگە لە جوغزی دیالێکتی هەورامی ئاودیو دەبێو ڕایەڵێکی ئەدەبی لەنێوان شاعیرانی هەورامیو مەولەوی

---

* بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم تەوەرانە بڕوانە ئەم وتارە: "دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣) و مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢)". {١٠، ل٧-٣٤}.

** زانای ناسراوی ئەرمەنی ئەکادێمیك یو.ئە.ئۆربیلی دەربارەی ئەم جۆرە حاڵەتەو بوونی هەمان دیمەنو مۆتیڤ لە ئەدەبی گەلانی جیاوازدا، ئاماژەی بۆ دیمەنی داستانێکی خۆشەویستی بە دوو زمان: ئیسپانیو کوردی کردووەو دەڵێ دیمەنێکی "تریستان ویزولدی"و "مەم و زین" لەیەك دەچن. لێرەدا مەبەست لە ناشتنی ئەم دوو جووتە دڵدارەیە، کە لەکاتی ناشتنیاندا لەنێو لاشەکانیاندا لە دەقە ئیسپانییەکەدا درەختێكو لە کوردییەکەدا دڕکێك دەڕوێن. گوایە لەکاتی کوشتنی بەکر مەرگەوەڕیدا دڵۆپە خوێنێکی دەکەوێتە نێوان لاشەی مەم و زینەوە، دڵدارەکان لێکدەکاتو دەبێ بە دڕکێك، کە تەنانەت لە کوردەواریدا بووە بە سیمبۆلێك، لەم حاڵەتانەدا دەڵێن: "بووە بە دڕکی مەم و زین". بڕوانە ئەم وتارە: ژ.س.موسەیلیان. هەندێ بیروڕای ئەکادێمیك یوسف ئەبگارۆڤیچ ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی. {١١، ل٢١-٢٢}.

بەتایبەتی و شاعیرانی کرمانجیی خوارووـ پیرەمێردو گۆراندا پەیدا دەبێ و شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە بەڵگەی ئەم بۆچوونەی ئێمەن، ئەمەش بێجگە لە پرۆسەی دەقئاوێزان بەڵگەی پەیوەندیی ئۆرگانیی توندوتۆڵی ئەدەبە بە دیالێکتە جیاکانی ئەدەبی کوردی‌و نیشانەی یەکگرتوویی مێژووی ئەدەبەکەشە. هەروەها پەیوەندیی دەقئاوێزان سنووری زمانی کوردیی بەزاندووەو ڕایەڵی پتەوی دیمەنی هاوبەش‌و بیرو شێوازی لەیەك نزیکی نێوان شاعیرانی وەك مەولەویی تاوگۆزی‌و بەرهەمی مەولانای ڕۆمی‌و حافزی شیرازی‌و... هتد بەدیدەکرێن.

بۆن‌و بەرامەی کولتووری ئێرانی کۆن‌و ئاینی کوردیی لە وێنەی "ئەهلی هەق-یارسان"یش نەك وەك خودی ئاین، بەڵکو وەك سیماو نەریتی هونەری، ڕەگەزە ڕەوانبێژی‌و ناسکبێژییەکانی وەك تێهەڵکێش‌و ئاماژە... کە هەموویان کەرەسەی لێکۆڵینەوەی سیماو لادیمەنی دەقئاوێزانن، لە ئەدەبی هەورامیدا هەن‌و پێویستیان بە تۆژینەوەی سەربەخۆو قووڵ‌و هەمەلایەنە هەیە.

ئێستاش دوای ئەم چوونە ناوەوە تیۆری ئامالە، سێ نموونەی شیعریی شاعیران: خانای قوبادی (XVII)، مەحرووم (XIX)، و مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢)، دەکەینە کەرەسەی پراکتیکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

نموونەی شیعریی هەر سێ شاعیر

پێشەکی لە نموونە شیعرییەکەی خانای قوبادی یەوە دەست پێ دەکەین، چونکە لە ڕاستیدا ئەو شیعرە بۆتە سرووشبەخشی مەحرووم‌و هاندەری بۆ ئەوەی بکەوێتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کێبڕکێیەك لەگەڵ خاناو شیعرەکەیدا بکات‌و هەر ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی کە شاعیرێکی وەك مەولەویش وا لێ بکات کە ببێتە هەڵسەنگێنەرو نرخێنەری ئەم دیاردەیە. ئەمەش شیعرەکەی خانای قوبادییە:

بەرق سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان
عەکس ماویی خاڵ خورشید جەمینان
ئەر بگنۆ وە کۆی قولەی قەزاڵە
مەکەرووش وە بووڵ سفتەی سەد ساڵە {١٣، ل٤٤٠}

شیعرەکەش‌و ئەم مانا لێکدانەوەیەش لە پەراوێزی لاپەڕەی ئەو سەرچاوەیەدایە، دەڵێ: "ئەگەر بێت‌و تیشکی شیری نازی یارانی برۆ کەوانی‌و عەکسی خاڵی ئاویی جوانە ناوچاو وەك ڕۆژەکان، بدا لە قولەی کێوی قەزاڵە دەیسووتێنێ‌و وەك خۆڵەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەری لێ دەکا. {١٢، ل٤٤٠}.

ئەمەشیان شیعرەکەی مەحرووممە:

بەرق بەرقەی ناز عیشوە فرۆشان
چەخماخەی لەنجەی تەلا نە گۆشان

بزیسکەی نیگای دیدە شابازان
بریقەی غەمزەی شەکەرین ڕازان
ئەر بگنۆ وە سەنگ جای تەجەللای نوور
مەکەرووش وە گەرد چون سوورمەی کۆی توور
(مەعدووم)، ڕاس (خانا) سوزان عەشق بی
کەی وێنەی (مەحرووم) هەر عەشقش مەشق بی {١٣، ل٤٤٠}

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئاوا ئەم شیعرەشی لێکداوەتەوە: "ئەگەر بێتو شەوقدانەوەی چارشێوەی یارە نازفرۆشەکانو چەخماخەی لەنجەو لاری گوارە زێڕینەکانو تیشکی چاوی یارە چاوبازەکانو بریقەی ئیشارەتی شیرین گوفتارەکان، لە جیاتی نووری خودا بدا لە بەرد، وەك بەردە سووتاوەکانی کێوی توور دەیکا بە خۆڵ. مەعدووم، ڕاستە خانا سووتاوی عەشق بووە، بەڵام کەی هەمیشە وەك من هەر مەشقی عەشقی کردووە؟ {١٣ ل٤٤٠}

شیعرەکەی خانا لەڕووی چنینەوە زۆر چڕترەو تەنانەت دیمەنی دەرکەوتنی نوورو تەجەللای خوداو "کێوی توور" لە داواو نزاکەی حەزرەتی (مووسا)وەی بەشێوەیەکی شاراوەی هونەریی ناڕاستەوخۆ و بە گۆڕینی بە هەندێ دەربڕینو سیمبۆلی ناوچەیی وەك "بەرق سەیف ناز" و "قولەی قەزاڵە" دەربڕیوە.. کە ئەمە خستنەسەرو جۆرە داهێنانێکی تێدایەو تایبەتمەندییەکی بە شیعرەکەی خانا بەخشیوە. بەڵام هەر لە هەوڵی سازدانی گفتوگۆو خۆبەستنەوەوە بە کولتوورێکی بەرز، کە ڕۆژهەڵاتیو کولتووری ئاینە ئاسمانییەکانە بەدەر نییە. ئەمەش نوقتەیەکی گرنگی بیری دەقئاوێزانە لە دوو ڕووەوە، هەم سوود لە کولتوورە بەرزەکە وەرگرتنو هەم هەوڵی داهێنانو کێبڕکێ کردنیشی.

دوای ئەمیش شاعیرێکی تر بەناوی مەحرووم {کە هیچێکی وا دەربارەی ژیانو شیعری نازانین، تەنیا ئەوەندەیە مەولەوی- وەك دواتر ڕوونیدەکەینەوە، ئەم بە (فەرع) و خانا بە (ئەسڵ) ناودەبا، دیارە شاعیرێکی ڕەنگە تازە دەستپێکردوو بێ!}، هاتووە ویستویەتی کێبڕکێو گفتوگۆیەکی داهێنەرانە بە گیانی ململانێی هونەرییەوە لەگەڵ خانادا بکا، بێگومان وەك بەرهەمێکی داهێنانی شیعری نەك تیۆری...

دواتر شاعیرو زانایەکی ناوداری وەك مەولەوی کە شیعرەکەی لەلایەن مەحروومەوە بۆنێردراوە، هاتووە بە شیعر دادوەرییەکی بە بینۆگەیەکی تیۆری ئامادەوە کردووەو هەڵوێستی خۆی و نرخاندنی بۆ شیعری هەردوو شاعیر، بەم پارچە شیعرە دەربڕیوە، مەولەوی دەڵێ:

نەوباوەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا
ڕەدیف لەطیف ظەریف (خانا)
یاوا وە دیدەی کەم بینام ساوا
جە نەو بینایی پەی دیدەم یاوا
پەیڕەوی (خانا)ت یادئاوەردەبی
ئەو ((ئەسڵ)) و وێت ((فەرع)) حەساوکەردەبی

لاکین زادەی طەبع بۆ عەنبەرینت
دەس ڕێسەکەی فیکر بیکر شیرینت
پەسەندیدەی فام عەقڵ دانابێ
خاستەر جە خەیاڵ خاصەی (خانا) بێ
زیادە پەی فەرع وە سەر ئەسڵەدا
خاصەی واتەی تۆن جەی سەرفەسڵەدا {١٣، ل٤٤٠}

ئەگەر پرۆسەی ئەدەبی وەك ئەدەبناسان دەڵێن: دیالۆگێکی بەردەوامی مێژووی ئەدەب بێ، ئەگەر شاکارەکانی ئەدەبی ئەورووپایی ئەمڕۆش بچنەوە سەر ئەدەبی ئانتیك و کولتووری مەسیحییەت و ڕینیسانس و ڕۆشنگەری و کلاسیك و ڕۆمانتیکییەت و...هتد ئەوا هەر بەو پێودانگەش ئاساییە کە ئەدەبی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش و لەوانە ئەدەبی کوردی بۆ خۆناساندن و جێ پێ قایمکردن و خۆبەستنەوە بە ترادیسیۆنێکی دەوڵەمەندەوە، خۆی بە زادەی کولتووری کۆنی ئێرانی و ئەدەبی کوردی لەلایەك و دوایی هی ئیسلام و سەرجەم کولتووری ڕۆژهەڵات لەلایەکی ترەوە بزانێ.. ئەمە ئاوی نەریتێکەو لە واقیعدا وەها ڕژاوەو لە تەبییەتی پرۆسەی داهێنانی ئەدەبییەوە هەڵقوڵاوەو ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێبازە پەنا بۆ براوەی ئینتەرتێکستوالیتی بۆ ئەدەبی کوردییش دەشێ و گونجاوە بخرێتە بواری پراکتیکەوە. کەرەسەی ئەم باسەی ئێمەش کە سێ نموونەی شیعرییە: شیعری (خانا) وەك سەرچاوەی هاتنە کایەی باسەکە، دواتر شیعرەکەی (مەحرووم) کە لاسایی خانای کردۆتەوەو ڕاستتر بڵێین بە گیانێکی "دەقئاوێزان"ەوە کەوتۆتە کێبڕکێ و بەشداریکردن لە مۆزاییکی دەقداو بەگوێرەی شیعرەکەی شاعیری دادوەر، مەولەوی، کە پارسەنگی تواناو وزەی هونەری و ئیستێتیکیی بەلای (مەحرووم)دا شکاندۆتەوەو ئەم شیعرەی سەرەوەی وەك وەڵام و هەڵسەنگاندن و نرخاندنێك نووسیوە، دەتوانین بڵێین:

کەلەپوورێکی شیعریی دەوڵەمەند کە (خانا) نوێنەریەتی ← مەحرووم کە شاعیرێکی هاوچەرخی ئەوکاتەیە، دەیەوێ کێبڕکێ لەگەڵ (خانا) دا بکا ← (مەولەوی) شاعیرێکی دیارو زاناو دادوەرێکی بابەتی

لە ڕوانگەیەکی تریشەوە (مەحرووم) شیعرەکەی خۆی نووسیوە. ڕاستە ئاوڕی لە بنەوان داوەتەوە بۆ خۆناساندن و بەرهەمی خۆچەسپاندن، بەڵام نەك بەشێوەیەکی لاوازو کوێرانەو کۆپیکردن، بەڵکو یاخییانەو لاسارانەو وەك خۆڕاپسکاندنی شاعیرێکی نوێ لە تەقلیدو خۆسەلماندنی. بەم پێیە هەردوو جەمسەرەکەی "دەقئاوێزان" پەیڕەوکردن و هەم یاخیبوونیش لەم پرۆسەیەدا هەن.

چۆنییەتی داڕشتن و پێکهاتنی بەرهەمەکەش دیسانەوە بە بەکارهێنانی نەریتە ئیستێتیکییەکان، یاساو ڕێساکانی ناسکبێژی و ڕەوانبێژیی کۆن و شتی تازە خستنە سەریان پێکهاتووە، کە تەواوکەری پرۆسەی دەقئاوێزانە. با بزانین چۆن ئەمە ڕوویداوە؟ هەوڵدەدەین بە

هەڵوەشاندنەوەو شیکاریی شیعرەکان، شێوازی ڕوودانەکەی ڕوونبکەینەوە. با لە بنەوان، لە شیعرەکەی (خانا)وە دەست پێ بکەین:

خانا بە لێکچوون و میتافۆرو کەرەسەی تەقلیدیی وەك: بەرق سەیف ناز ئەبرۆ خەمینان– شمشێری نازی ئەبرۆ کەوانەکان...

یان، عەکسی ماویی خاڵ– تیشکدانەوەی خاڵی جوانیی ئاویی تەوێڵ وەك خۆرەکان.. شیعرەکەی دەچنێ و پێی وایە: ئەم هەموو تین و تاو و تیشکە، جوانی و نازە ئەگەر بدا لە کێوی "قولەی قەزاڵە" ئەوا لە ئەنجامدا دەیکا بە خۆڵەکەوەی سەد ساڵ لەمەوبەر ساردبۆوە.

ئەوەی لەم تابلۆ ئەلیگۆرییە کەرەسە تەقلیدییەدا هەیە، لەمەودا ڕەوانبێژییە کلاسیك– تەقلیدییەکەدا دەسووڕێتەوە، چونکە هەر دیوانە شیعرێکی کلاسیکی بگری ئەم هونەرە ڕەوانبێژییە باوانەی تێدایە، بەڵام ئەوەی داهێنان و نوێخوازی تێدایە، گۆڕینی پایەو ڕەگەزی لێکچوونەکەیە. دوو سیمبۆلی ئایینیە ئاسمانییەکان، ئیسلامییەکەی (مووسا)و "کێوی توور" گۆڕدراون بە (شاعیر– دڵدار)و "قولەی قەزاڵە"، هەروەها لەباتی دەرکەوتنی مەزنیی کردگار خۆی یەکێك لە زاراوەی سیفەتەکانی: "جمال"ی خراوەتە کار– جوانیی نازداران، یان دەتوانین بڵێین، گیانی "شکۆو بەها"ی وێنەکە سادە کراوەتەوەو لەمەودا ئاینی* و میتافیزیکییەکەوە کراوە بە وێنەیەکی واقیعیی ژیانی ڕۆژانەی دنیایی.

ڕاستییەکەی بۆ هەندێ ڕوانگەی ئەدەبناسیی ڕیالیستانە ئەمە بە لایەنێکی ئەرێنی دەژمێردرێت، مەبەست لەوەیە کە واز لە مەودایەکی میتافیزیکی هێنراوە بۆ ژیانی ئاسایی و واقیعی..

با بێینە سەر نموونە شیعرییەکەی (مەحروم):

مەحرووم دوو بەیتەکەی خانای کردووە بە چوار بەیت، هەندێ وردەکاریی بۆ وێنەکە زیادکردووە، هەرچەندە چڕکردنەوەو دەربڕینی فرەواتایی لە وشەی کەمدا نیشانەی ئاستی بەرزی هونەری– ئیستێتیکییە، بەڵام مەرج نییە هەموو خستنە سەرێك زیادبێ و بکەوێتە خانەی درێژەپێدانەوە.. ئاخۆ مەحرووم هەر شتەکانی خانای دووبارەو کۆپیی کردۆتەوە یان بە هوشیارییەوە ویستویەتی کێبڕکێی لەگەڵدا بکا؟ ئەم "سەیف"ەکەی کردووە بە "بەرقە"، لەجێی "ئەبرۆ خەمینان"، "عیشوە فرۆشان"ی داناوە، واتە وێنە هەستپێکراوەکەی کردووە بە وێنەیەکی "ئیدیالی". "عەکسی خاڵی ماوی خورشید جەمینان"ی لابردووە، وێنەیەکی تری هێناوە "چەخماخەی لەنجەی تەلا نە گۆشان"، بریسك و هووڕی لە وێنەیەکی تردا نیشانداوە، کە ئەمەش بە داهێنان و خستنە سەر دادەنرێ، با کەرەسەو ڕەگەزی وێنەکە تەقلیدیش بێ، چونکە ئێمە بەراوردی دوو تێکستی دیاریکراو دەکەین.

---

* ئەمە بیری کتێبە ئاینییەکانە لە بنەڕەتداو لە "القرآن– سورة الأعراف"دا ئاوا هاتووە: "(١٤٢) ولما جاء موسى لميقاتنا و كَلَّمهُ ربه و قال رَبِّ أرني أنظر اليك قال لن تراني و لكن انظر الى الجبل فأن استقرَّ مكانَه فسوف تراني فلما تَجَلى رَبُّه للجبل جعله دكاً و خرَّ موسى صَعِقاً فلما أفاق قال سبحانك تُبتُ إليك وأنا أول المؤمنين".

ئەمجا مەحرووم گەڕاوەتەوە بۆ وێنەکەی خانا: "ئەبرۆ خەمینان"، بەڵام لەباتی "بەرق" "پزیسکەی نیگا"ی بەکارهێناوەو چۆتەوە سەر وەسپی چاو بە چواندنێك: "دیدە شابازان" ویستویەتی فۆکوسیرەی وێنەکەی خانا بکاو نزیکە لە داڕشتنەکەی ئەوەوە، مەبەستمان لە "ئەبرۆ خەمینان" و "دیدە شابازان"ە... هەروەها نیوە دێڕێکی تریشی هەیە کە لەڕاستیدا هیچ بزووتن و ورشەیەکی وای تێدا نییەو لە پڕکردنەوەی بۆشاییەك دەچێ. ئەگەر پاساوێك بۆ بوونی ئەم نیوە دێرە هەبێ، تێکەڵکردنی دوو وێنەیە: "بریقەی غەمزە، واتە زەردەخەنە" و "شەکەرین ڕازان- ئێپیتیتیك "وەسپ"ێکی شیعرین، کە لەسەر بنەمای "مەحسووس" و "مەعنەوی" داڕێژراون، هەرچەندە ئەمانە لای شاعیرانی دیالێکتی هەورامی زۆر باون و دووبارەبوونەتەوە.. دوای ئەمانە، وێنەکەی خانای پشتگوێخستووەو گەڕاوەتەوە بۆ وێنە ترادیسۆنییەکەی خواستی مووسا بۆ دیتنی کردگارو دەرکەوتنی شکۆو ئاگری نووری خوداو کردنی کێوی توور بە گەردو تۆز کە پێشتر لە پەراوێزدا ئایەتەکانمان هێنایەوە. کەواتە لێرەدا خانا "لایداوە"و "مەحرووم" پەنای بۆ تەقلید بردۆتەوە. بە وتەیەکی تر، خانا داهێنەرانەو بەپێی چەمکی دەقئاوێزان- هەوڵی خۆڕاپسکاندنی لە کولتووری زاڵ- داوە..

دوابەیتی شیعرەکەی (مەحرووم) داکۆکی لە خۆکردنێکی جوانی تێدایە کە چ لە شیعرو چ لە عیشقدا کۆڵنەداو خەریکی مەشقکردنە، بەڵام (خانا) وەك ئەم شەوو ڕۆژی لەمەیدانی عەشق و داهێنانـدا نەداوەتـە دەم یـەك. هەرچـەندە وەك کڵـۆمکردنی شـیعرەکەی ویـستوویەتی ڕەوتـی کێبڕکێیەکە لە دوا ماوەدا بەتینتر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم هەموو وزەی خۆخستنە گەڕە جـۆرە دانپێنـانێکی شـاراوەی پلەوپایـەی شـیعریی خانایـە لای مـەحرووم. بـە کورتییەکـەی چاوقایمی و بـوێری و هـەوڵی داهێنـان و کێبڕکـێ لەگـەڵ شـاعیرێکی جێگـەو ڕێگـەداری مەیـدانی ئەدەبداو هـەوڵی خۆخـستنە پایـەی ئـەو بـۆ پێکهێنـانی مـۆزاییکی دەق هـەردوو لایـەنی چـەمکی دەقئاوێزان: خۆدانەپاڵ کولتوورێکی بەرزو دانپێدانراو و لەلایەکی تریشەوە خۆڕاپسکاندن لێی تێدایە، ئەویش بە گەشەدان بە لایەنە هونەرییەکانی شیعرەکەی خاناو زیادکردنی ڕەنگ و سێبەر بۆ وێنەکانی.

دوای شیکردنەوەی کورتی ئەم دوو شیعرە، نۆرەی تاوتوێی هەڵسەنگاندن و نرخاندنەکەی مەولەوییە.

مەولەوی- ڕەخنەگرو نرخێنەر

پێـشەکی بـا بـزانین مەولـەوی ئـەرکی هەڵـسەنگاندنەکەی چـۆن جێبـەجێکردووەو دواتـر گەیشتۆتە چ ئەنجامێك؟ مەولەوی وەك شاعیرو کەسایەتییەکی زاناو ڕاستگۆ، هەر لاری نەبوونی لەم کارە، دان پێدانانێکە بە بەهرەی مەحروومدا، کە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو پایە ئەدەبییەی خانای نەبووە،.. هەروەها پارسەنگ بەلای مەحروومدا لارکردنەوە، دوور نییە ڕەچاوی هاندان و دەستگرتنی بۆ شاعیرێکی تازە دەستپێکردوو تێدابێ، بەڵام مانای ئەوەش نییە ئەگەر شیعرەکەی

مەحرووم بایەخێکی ئەوتۆی نەبووایە مەولەوی ئەم کارەی بکردایەو ڕەتینەکردایەتەوە. لێرەدا مەولەوی تێکست نەك ناوبانگی لە پلەی یەکەمدا داناوە. ئەمە جەختی ئەوەیە "نالێین وەك میتۆدێکی تەواو خەملاو"، بەلام وەك بیرۆکەو پەیپێبردن، دەقئاوێزان لای شاعیرانی ئێمەش وەك هی گەلانی تر هەبووەو پێی نامۆ نەبوون.

با سەرەتا هەر لەو زاراوە ئەدەبییانەوە دەست پێ بکەین کە مەولەوی وەك ئەدەبناس و ڕەخنەگرێك بۆ ئەم ناوبژیوانی و دادوەرییەی هەڵبژاردوون، کە نیشانەی زانایيەکی تەواوی دنیای ئەدەبناسین، ئا ئەمانە: "نەوباوەی خەیاڵ، ڕەدیف لەطیف، ظەریف، پەیڕەوی خانا، یادئاوەردەن {کە بیرکەوتنەوەی وێنەو دەربڕینی شاعیرانی ترو داڕشتنەوەیانە}، ئەسڵ، فەرع، زادەی طەبع، فیکری بیکر، پەسەندیدەی فام، خەیال خاصە،...هتد". {١٣، ل٤٤١}.

نەوباوەی خەیاڵ- لە زاراوەسازیی سەردەمدا هەمیشە "fancy"و بەتایبەتی "imagination"- خەیاڵی داهێنەرانە وەك چەمکێکی بنەڕەتیی شیعر لای شاعیرانی داهێنەری لە وێنەی س.کۆلێریدج وەك هێزێکی ستوونیی داهێنەرانەی لێکدانی هەندێ ڕەگەزی جیاو بەهۆی فانتازیاوە وێنەی شیعریی بەرز ئەفراندن، حسابی بۆ کراوە. لەم ڕووەوە بڕوانە: {٤، ل١٢٢}.

ڕەدیف- هەرچەندە لێرەدا زیاتر بە هاوشان و هاوتا هاتووە، بەلام جۆرێکە لە قافیەش کە ئاوا پێناسەکراوە: "یك یا چند کلمه مستقل و جدا از قافیەست که در همه بیت ها عینا تکرار شود و شعر در معنی و وزن به آن احتیاج داشته باشد. برای نموونە:

..... دندان بوو

..... تابان بوو" {١١، ل٢٣٥}

پەیڕەو- تەقلید کە مەبەست لێی لاساییکردنەوەی یاساو ڕێسای چەسپاوی پێشینەیە لە هەموو بوارێکدا بەتایبەتی لە هونەر- ئەدەبدا.

ئەسڵ و فەرع- وەك درەخت و لق، ئەسڵ- خانا، فەرع- مەحرووم. ئەمەش خستنەکاری چەمکێکی تری دەقئاوێزان و دیالۆگی نەبڕاوەی ئەدەبییە لەمێژووی ئەدەبداو بەدوای یەکدا هاتنی داهێنەران و گفتوگۆیانە لەگەڵ یەکدی.

زادەی طەبع- چێژی ئیستێتیکی، یان چۆنیەتیی گەشەپێدانی چێژو زەوقە لە ئەنجامی وزەو توانای خۆڕسك و خۆفێرکردن و ڕاهێنانەوە، کە دەبێتە پاشخانێك بۆ ئەدیب و هونەرمەندو تەنانەت خوێنەرانیش.

فیکری بیکر- ئەو بەهاو نەریتە هونەرییانەیە کە لە دنیای نووسیندا دادەهێنرێن، هەرچەندە میتۆدی دەقئاوێزان هیچ داهێنانێك بەو ڕەهاییە بە ڕەسەنی تەواو نازانێ و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پەیدابووە، چونکە ئاوا باسدەکرێ: "گۆشەنیگایەك کە نایەوێ مل بۆ چەمکی ڕەسەن، دەگمەن و تاقانەو سەربەخۆ {لە هونەردا}، بدات". {١، ل١٣}، بەلام هەمیشەش خستنەسەرو نوێکردنەوەو مشتومال و ڕووالەتی تایبەت پێ بەخشین هەیە.

پەسندیدەی فام- ئەمە ڕێك چێژی ئیستێتیکییە، کە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی چێژوەرگرتن و تێگەیشتنی باش لە هونەر. لەم ڕۆژگارەی ئێستادا دەوری خوێنەر لە بەکارهێنەرەوە

دەبێت بە هاوکارو خولقێنەرو میتۆدی وەك "reception theory" دادێت، کە گرنگییەکی زۆر بە وەرگر- خوێنەر دەدات بۆ زیاتر شارەزایی ئەم میتۆدە تازەیە هەر بۆ نموونە بڕوانە: {٤، ل٢١٣}.

هەرچەندە قۆناغو سەردەمو کولتووری جیاوازیش ڕۆڵیان لە خەملاندنو چەسپاندنی ئەم چێژە هونەرییەدا هەن، بەڵام دیسانەوە ئەوەی بۆ ئێمە بایەخی هەیە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەیە لەلایەن شاعیرێکی وەك مەولەوییەوە، بێگومان بەگوێرەی ڕۆژگارەکەی خۆی دانسقەو دەگمەنە.

لەم چەند زاراوەیەوە، دنیابینی شاعیرانەی مەولەویمان بۆ دەردەکەوێ، کە هەر شاعیرێکی داهێنەرو بەرهەمی ڕەنگن بەخش نەبووە، بەڵکو لە زانستی ئەدەبناسیشدا بناغەیەکی پتەو و ڕوانگەیەکی فراوانی هەبووە، شاعیرییەتەکەی ئامێتەی وردیی ڕەخنەگرێکی بەتواناو زانا بووە. هەروەها لە دێڕە شیعرێکی هۆنراوەکەیدا ئاماژەیەکی نیمچە شاراوەی تێدایە، دەڵێ:

یاوا وە دیدەی کەم بینام ساوا

جە نەو بینایی پەی دیدەم یاوا {١٣، ل٤٤١}

لێرەدا ئاماژە بە "چیرۆکی حەزرەتی یوسف" * دراوە، مەبەست لە لێڵایی داهاتنی دیدەی حەزرەتی یەعقووبە لە فرمێسك ڕشتنیدا بۆ یوسف، دوای هێنانی کراسەکە بە چاویدا، بینایی بۆ دەگەڕێتەوە. مەولەوی بەشێوەیەکی داهێنەرانە سوودی لەم بەسەرهاتە وەرگرتووەو جۆرە چواندنێکی تری لێ ئەفراندووە، لێرەدا (مەحرووم) لەجێگەی کوڕی خۆی دادەنێ، نامەکەشی دەچوێنێ بە کراسەکەی یوسف،.. هەرچەندە دوورکەوتۆتەوە بەڵام ئەو دوورکەوتنەوەیە پێزو چێژێکی ڕەسەنی داوە بە وێنە شیعرییەکەو خستنەسەرێکی داهێنەرانەو کارامانەیە.. هەروەها زیندووکردنەوەی ئارکیتیپ {مۆدیلێکی کۆنە لە بەرگو واتایەکی نوێدا}، لەلایەکی تریشەوە بەدیهێنانی ڕەگەزێکی گرنگی دەقئاوێزانە، ئەویش خۆدانی مەولەوییە بۆ پاڵ کولتوورێکی ئاینیی بەرز.

کەواتە مەولەوی بەهۆی یاساو ڕێسا هونەرییەکانی ناوەوەی تێکستەوە هەوڵی بەراوردکردنو نرخاندنی ئەم دوو دەقەی داوەو زیاتر نەریتە ڕەوانبێژیو ناسکبێژییە ئیستێتیکییەکانی بەیەکدی گرتووەو ڕاشکاوانەش- وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا- دەقەکەی (مەحرووم) لەم حاڵەتەدا لەوەی (خانا) بە سەرکەوتووتر دادەنێ.. بۆیە مەولەوی شیکاریو هەڵسەنگاندنەکەی خۆی لە جوغزی "کاریگەری" کە چەمکێکی ئەدەبناسیی بەراوردە بردۆتە دەرەوەو یان کاریگەرییەکی ئەوتۆیە، کە زیاتر دەچێتە جوغزی کێبڕکێو "مۆزاییکی دەقی" ئینتەرتێکستوالێتییەوە.

---

* (القرآن) سورة یوسف: "ئایەتەکانی (٨٣) و تولى عنهم و قال یا أسفى على یوسف وابیَّضت عیناه من الحزن فهو كظیمٌ (٩٢) إذهبوا بقمیصي هذا فألقوه على وجه أبي یأت بصیراً و أتوني بأهلكم أجمعین (٩٣) ولما فصلت العیر قال أبوهم إني لأجد ریح یوسف لولا أن تفنّدون (٩٤) قالوا تالله إنك لفي ضلالك القدیم (٩٥) فلّما أن جاء البشیر القه على وجهه فأرتد بصیراً قال ألم أقل لكم إني أعلم من الله ما لا تعلمون".

## ئەنجام

ئـەم ڕانـان و شـیکارییەی لێکۆڵینەوەکـە ئـەوەمان نیـشاندەدەن، کـە چـەمکی دەقئـاوێزان (ئینتەرتیکستوالیتی)، لـە ئـەدەبی کوردیـشدا هـەر لـە کۆنـەوە هـەبووە، بـەڵام نـەك بـەم چوارچێوە تیۆرییـەی کـە بۆتـە میتـۆدێکی تۆژینـەوەی بـەراوردو یاسـاو ڕێـساو چـەمکی چەسـپاوی خـۆی پەیـداکردووە، مەبەسـتمان لـەوەی کـە ئێـستا لـە دوای شەسـتەکانەوە بەتایبـەتی لـە ئەدەبناسـیی ئەورووپاییدا پەیدابووە.

(مـەحرووم) ویـستویەتی بەشـێوەیەکی داهێنەرانـەو تەنانـەت تخـوب بەزانـدن کێبڕکێیـەك لەگەڵ شاعیرێکی ناوداری وەك (خانای قوبادی)دا بکات، لە هەمان بابەت و بە هەمان یاساو ڕێسای هونـەری،.. مەولـەویش هەڵدەبـژێری بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـەم ئەرکـە، ئـەویش بـە شـیعرێك کـە هەنـدێ زاراوەی ڕەخنـەیی چەسـپاوی بـەکارهێناوەو هەڵـسەنگاندن و نرخاندنەکـەی کـردووەو "فـەرع"ی لـەپێش "ئەسڵ"دا لـەڕووی هونەرییـەوە داناوە وەك لـە شیکارییەکەدا ڕوونکراوەتـەوە، سیمبۆڵ و وێنـە شـیعرییەکان چ لـەلای خانـاو چ مـەحروومیش گۆڕانیـان بەسـەردا هـاتووە، کـە بەڵگـەی کەش وهـەوای دەقئـاوێزان تیایانـدا ڕوونـە،.. مەولـەویش هـاتووە دادەوەری و بۆچـوونی خـۆی بـە ڕاشکاوی دەربڕیوە،.. کە دەتوانین بە هەوڵێکی سەرەتایی بیری دەقئاوێزانی ناوبنێین،.. هەرچەندە بنـەڕەتی ئەم میتـۆدە لەسـەر ئـەوە دامـەزراوە، کـە هونـەر بەگشتی و ئـەدەب بەتایبـەتی دیاڵۆگێکی نێوان ئەدیبانەو، مل نادا بۆ هەبوونی بەرهەمی سەرجەم پوخت و دەگمەن و بێ کاریگـەری،.. بـەڵام ڕووبەرێکیـشی بـۆ داهێنـان و ئەفرانـدنی تایبـەت هـەر هێـشتۆتەوە.. ئێمـە لـەم هێڵکارییـەدا زیـاتر سەرنج و بۆچوون و ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووین ڕووندەکەینەوە:

دەقئاوێزان

- دیالۆگی ئەدەبی ⟵ کێبڕکێکردن ⟵ بەشداریی مۆزاییکی دەق
- شیعری گۆرانی (هەورامی) + کولتووری ئاینی و بەتایبەتی + مامەڵەی شاعیران: (خانا)،

| | | |
|---|---|---|
| و | ئیسلام، تەجەللای خودایی | (مەحرووم)و مەولەوی لەگەڵ |
| نەریتە هونەری و | مووساو کێوی توور، بیری | ئەم مۆتیڤانەدا |
| ئیستێتیکییەکانی | یەکێتیی بوون (جمال) جوانی | |
| | وەك سیفەتێکی یەزدانی | |

- مەحرووم (فەرع) ⟵ خانا (ئەسڵ) ⟵ مەولەوی نرخێنەرو دادوەر

| | | |
|---|---|---|
| لەم حاڵەتەدا داهێنەرو | شاعیرێکی خاوەن | خاوەن ڕوانینێکی تیۆریی ڕەخنەگرانە، |
| تەنانەت لە شیعری | پلەوپایەو چاولێکراو | سەرەڕای شاعیرییەتی.. ڕاشکاوانە |
| پێشینەش سەرکەوتووتر | بەڵام کێبڕکێ کەری | گرنگیدەر بە تێکست نەك بە ناوبانگ |
| | بۆ پەیدابووە | لەم حاڵەتەدا.. |

بە کورتی و کوردی هـەوڵێکی سـەرکەوتووانەی شـاعیرێك لـە کێبڕکێدا لەگـەڵ شـاعیرێکی ناوداری پێش خۆیداو،.. گرتنی جێگایەك لە مۆزاییکی دەقی شیعریی کوردیداو دەوڵەمەندکردنی کەلەپووری کوردی، چ بە هەندێ سیمای تیۆری و چ بە بەرهەمی داهێنراویش- شیعر.

سەرچاوەکان:


1. Abrams, M.H. (1993). A Glossary of Literary Terms, Fort Worth Tx.
2. Allen, Graham (2000). Intertextuality, London and New York.
3. Bakhtin, M.M. (1984). Problems of Dostoevsky's Poetics, C. Emerson (trans. And ed.), University of Minnesota Press, Minneapolis MN.
4. Baldick, Chris (1990). The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms, Oxford University Press, Oxford and New York.
5. Barthes, Ronaled (1977). Image-Music-Text, Stephan Heath (trans) Fontana, London.
6. Eliot.T.S. (1919). Tradition and individual talent. London.
7. Saussure, Ferdinand de (1974). Course in General Linguistics, Wade Baskin (trans) Jonathan Culler (intro), Fontana, London.
8. Espmark, K, (1983). Dikit I dialog. Stockholm.
9. Olsson, A. (2000) Intertextualitet, Comparation och reception, en inledning. Litteraturvetenskap. Staffan Bersten (red.), Lund (Sweden).

١٠. ئەنوەر قادر محەمەد (٢٠٠٦). دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧-١٢٧٣)و مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦-١٨٨٢). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژ ١٨.

١١. سیما داد (١٣٨٥). فرهنگ اصطلاحات أدبی. واژه نامەء مفاهیم و اصطلاحات أدبی فارسی و اوروپایی (تطبیقی و توضیحی)، چاپ سوم، تهران.

١٢. موسەیلیان، ژ.س. (٢٠٠٨). هەندێ بیروڕای ئەکادیمیك یو.ئە.ئۆربیلی دەربارەی کولتووری کوردی. چەند وتارێکی کوردناسی. وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی: ئەنوەر قادر محەمەد، سلێمانی.

١٣. مەولەوی (١٩٦١). دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغداد.

## ملخص البحث

يتناول هذا البحث مفهوم التناص intertextuality في الشعر الكردي ولكن ليس كمنهج واضح المعالم مثلما نراه اليوم في الدراسات الأدبية. وقد تطرق الكثير من الباحثين لهذه المسألة من قبل في آداب الشعوب، إلى أن صاغتها العالمة الفرنسية يوليا كريستوڤا عام ١٩٦٦ في إطار نظري وأصبح منهجاً للتحليل ومبدأً للنقد. ونحن هنا نحاول إظهار بواكير مفهوم التناص في نتاجات ثلاثة من شعراء اللهجة الگورانية (الهورامية) وهم:

خاناى قوبادى (XVIIII)، محروم (XIY) و مولوي التاوگوزى (١٨٠٦-١٨٨٢).

بعد أن كتب محروم قصيدة مقلداً فيها واحدة للشاعر خاناى قوبادى، أرسلها إلي الشاعر والعالم مولوي ليقيِّمهما ويبين رأيه حولهما: أيهما أجمل وأقوى فنياً؟ ويجيب مولوى الشاعر محروم بقصيدة يستعمل فيها مجموعة من المصطلحات النقدية: كالفكر البكر، عروس الخيال، الأصل، الفرع...الخ و يصل في خاتمتها إلى إستنتاج مفاده، بأن قصيدة محروم (الفرع) هي الأكثر جمالاً وبهاءً من (الأصل) أي قصيدة خاناى قوبادى. وهذا ان دَلَّ على شيء فأنما يدل على وجود مفهوم التناص عند الشعراء الكرد وعلى حيوية الأدب الكردي و تراثه. ونحن بدورنا قمنا في هذا البحث بأظهار تطابق مفاهيم التناص مع ماجاء في النماذج التي قدمناها من شعر هؤلاء الشعراء وبدور مولوى البارز في التعبير عنه.



## Abstract

Intertextuality is a dominant idea within literary and cultural studies. As a cultural and historical terms, this is often associated with notions of pastiche, imitation and the mixing of already established style and practices or the transformative relation between one text and another text. Intertextuality a new vision of meaning, and thus of authorship and readings: a vision resistant to ingrained notions of originality, unqueness, singularity and autonomy.

And this study is about textual relations of two Kurdish poems. The original text is written by the poet, "Khanay Kubady (XVIIII)" and the second one is by Mahrum (XIY) who imitated one of Kubady's poems, then he sent it to the great poet, "Abdurahim Mawlawy (1806-1882)" to express his point of view by comparing the two poems. Mawlawy argued that in this case however, Mahrum's poem is better than the original poem, which is Kubady's poem.